# پهلویان
# کتێبێک پڕ لە چەواشەکاریی مێژووی

نووسینی:
بێوار ڕەسوول (سووداد ڕەسوڵ)
2025

ڕێکخراوی کوردیپێدیا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی کوردستان و کورد
https://www.kurdipedia.org
2008 - 2025

ئەم توێژینەوەیە بە دوو بەش لە دوو ژمارەی گۆڤاری ڕامان بڵاو کراوەتەوە. ژمارە ٣٣٣ و ٣٣٤ ی مانگی تەمموز و ئابی ساڵی ٢٠٢٥ بڵاو کراوەتەوە . سەیری لینکی گۆڤارەکە بکە https://raman-media.net/

# "پهلویان" کتێبێک پڕ لە چەواشەکاریی مێژوویی

بێوار ڕەسوول (سوداد ڕەسوول)

## پێشەکی

لە سەرەتاکانی سەدەی ڕابردوودا، لە دوای دامەزراندنی دەوڵەت –نەتەوەکانی ئێران و عێراق و تورکیا و سووریا، لە هەر بەشێکی کوردستان لەم دەوڵەتانە، لە لایەن نەتەوە سەردەستەکانەوە بە شێوازی جیاواز مێژووی کورد و جوگرافیای کوردستان چەواشە کراوە و دەکرێ؛ لە هەر وڵاتێک بە پلان و ستراتیج هەوڵ دەدرێ هەرچی حەقیقەتی ناسنامە و فەرهەنگی کوردە بشێوێنرێت و بوونی کورد لە وڵاتەکانیان بسڕنەوە و جوگرافیاکەشی بچووک بکەنەوە. یەکێک لەو شێوازانە کە بەردەوام کاری بۆ دەکەن، گومان خستنە سەر ڕەسەنایەتیی زمانی کوردییە، بۆ ئەمەش هەوڵ دەدرێ ڕیشەیەکی غەیری کوردی بۆ چەند زارێکی کوردی بدۆزنەوە، یانیش هەوڵ دەدەن جیاوازیی نێوان زارە کوردییەکان وەک زمانی جیاواز نیشان بدەن، بانگەشەی ئەوەش دەکەن کە ئەمانە زار نین، کۆمەڵە زمانێکن و لە یەک دوورن و یەک ڕیشەی زمانییشیان نییە، بۆیە زمانێک نییە پێی بگوترێ زمانی کوردی، هەر لەسەر ئەم بنەڕەتەش، بانگەشەی ئەوە دەکەن کورد یەک نەتەوە نییە، چەند گرووپێکی ئەتنیکی و نەتەوەیی جیاوازن و هەر یەک لەم گرووپانە سەر بە جوگرافیایەکی جیاوازن، کەواتە وڵاتێکیش نییە بە ناوی کوردستان. بۆ جێبەجیکردنی ئەم بەرنامە دژ بە کوردە، داگیرکەرانی کوردستان، ویژدان و قەڵەمی کۆمەڵێک نووسەر دەکڕن و داوایان لێ دەکەن مێژووی کورد و زمانەکەی بە جۆرێک بنووسنەوە، خزمەت بە ئەجێندای سیاسی نەتەوەی سەردەست بکات، لە هەمان کاتدا، یەکێتیی زمان و نەتەوەی کوردیش پەرتەوازە بکەن.

دوو ساڵێک پێش ئێستا، کتێبێک بە فارسی لە نووسینی تەیب تاهیری بە ناوی "پهلویان: گوران، هورامی، لک، کلهر، فیلی، دیملی" بڵاو کرایەوە.[1] ئەم کتێبە نزیک بە ٥٦٠ لاپەڕە دەبێت، بابەتەکانی ناو کتێبەکە بۆ مێژووی خوارووی کوردستان تەرخان کراون، وەک فەرهەنگ، ئایین، زمان، ئەدەبیات، جوگرافیا، ئەو ناوچەیە کە دانیشتووانەکەی بە چەند زارێکی کوردی وەک کەڵهوڕی، لەکی، لوڕی، گۆران – هەورامی قسە دەکەن. نووسەری ئەم کتێبە بۆ شێواندنی ناسنامەی کوردی و کوردستانی ئەم ناوچەیە، دانیشتووانەکەی بە "پەهلەوی" ناو دەبات و ناوچەکەشیان بە ناوچەی پەهلەوی. وەک دیارە، ئەم کتێبە بە هەمان ئامانجی سیاسی و ئایدیۆلۆجی نووسراوە کە لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بەرنامەی بۆ دانراوە، بوونی کورد لە ئێران بکات بە بوونێکی ئێرانی و پاشکۆی نەتەوەی فارس و داماڵینی لە هەموو مێژوو و

ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانییەکەی، هەروەها جوگرافیای خوارووی کوردستانیش بکات بە بەشێک لە جوگرافیای ئێرانی مەزن. ئەم کتێبە، لە ڕووی میتۆدی لێکۆڵینەوە پڕیەتی لە هەڵە و چەواشەکاری، هیچ بنەمایەکی ئەکادیمی تێدا ڕەچاو نەکراوە، چونکە بە ئامانجێکی ئایدیۆلۆجی و سیاسی نووسراوە، هەوڵ دەدات بە هەر نرخێک بێت، مێژوویێکی ساختە بۆ ئەم ناوچەیەی خوارووی کوردستان بنووسێتەوە، ئەم بەشە لە خاکی کوردستان بە دانیشتووان و جوگرافیا لە کوردستان دابڕێت و بیکات بە وڵاتی پەهلەوی. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە سوود لە ئایینی یارسان وەردەگرێت و مێژووی دانیشتووانی هەموو هەرێمەکە بە یارسانی دەکات، ڕیشەی هەموو زارە کوردییەکانی ئەم ناوچەیەش دەباتەوە سەر زاری کوردیی گۆران و گۆرانیش بە زمانی پەهلەوییەوە گرێ دەدات.

نووسەری ئەم کتێبە، تەیب تاهیری خۆی وەک توێژەرێکی مێژوو و ئایینی یارسان دەناسێنێ، لەم بارەیەوەش چەند کتێبێکی بە کوردی و فارسی نووسیوە؛ کتێبە کوردییەکانی لە باشووری کوردستان لە دەزگای موکریانی و ئینستیتوی کەلەپووری کوردی چاپ کراون، چەندین جاریش لە باشوور بۆ کۆنفرانس و سیمینار داوەت کراوە لەسەر مێژووی یارسان قسە بکات، وەک نووسەرێکی یارسان (کاکەیی) و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێزی لێ گیراوە و خەڵات کراوە. ناوبراو لە ساڵی ٢٠٢٠ لە ئێرانەوە خۆی گەیاندە وڵاتی سوێد، لە ستۆکهۆڵم، ئینستیتوتێک بە ناوی ئینستیتوی فەرهەنگیی یارسان دادەمەزرێنێ، هاوکات دوو گۆڤاریش بڵاو دەکاتەوە بە ناوەکانی "شنروێ" و "چریکە"،[٢] لەگەڵ تەلەفزیۆنێکی یوتیوبی بە ناوی لیسک تی ڤی؛ هەردوو گۆڤارەکە و تی ڤییەکە گوتارەکەیان بۆ دانیشتووانی خوارووی کوردستانە بەتایبەت کرماشان و ئیلام، وتارەکانی ناو هەردوو گۆڤار بۆ هەمان ئامانجی سیاسی و فەرهەنگی نووسراون بۆ ئەوەی ناسنامەیەکی پەهلەوی بۆ خەڵکەکە و ناوچەکە ساز بکات. دوابەرهەمی نووسەر، ئەم کتێبەیە کە بە ناوی "پهلویان" بڵاوی کردووەتەوە، ئەم کتێبەش هەر بە هەمان ئامانجی سیاسی و فەرهەنگی نووسراوە، کە لەم وتارەدا پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەیی بۆ دەکەین و بە میتۆدێکی زانستی هەڵسەندگاندنی بۆ دەکەین.

لەم توێژینەوەیەدا، لە چەند ڕوویێکەوە ناوەڕۆکی کتێبەکە دەیخەینە بەر باس و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە. لە سەرەتادا ئاماژە بە کێشەی میتۆدی لێکۆڵینەوەی کتێبەکە دەدەین کە لە ڕووی میتۆدۆلۆجییەوە کەموکووڕی زۆرە، دواتر باسی ئەو چەمکانە دەکەین کە نووسەر دایهێناوە وەک چەمکی پەهلەوی و پەهلەنشین و ناوچەی پەهلەوی و میرنشینی پەهلەوی، ئەوجا باسی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی لەم ناوچەیە دەکەین کە ئەدەبیاتی کوردیی گۆرانە و نووسەر بە ئەدەبیاتی پەهلەوی ناوی دەبات، هەروەها باسێک لە ئایینی یارسان و پەیڕەوانی ئەم ئایینە دەکەین کە لە باکووری ئەم ناوچەیە نیشتەجێن و نووسەر هەوڵ دەدات ئەم ئایینە لەم ناوچەیە بە سێنتەر بکات و مێژوویێکی دێرین و جوگرافیایەکی وەهمی بۆ دروست بکات؛ لە دوابەش، باسی ڕوانگەی نووسەر بۆ کوردی سۆران و کرمانج دەکەین، کە ڕوانگەیەکی دوژمنکارانەی هەیە و پێی وایە بەدرێژایی مێژوو، کوردی سۆرانی لەگەڵ دانیشتووانی خوارووی کوردستان بە تایبەت یارسانەکان

له کێشەدا بوون و  زوڵمیان کردووە و لە ناوچەکەی خۆیان ئاوارە و ئەسمیلەیان کردوون. هەوڵ دەدەین لەم توێژینەوەیەدا، ئەم بۆچوونانەی نووسەر تاوتوێ بکەین و ڕاستی و ناڕاستیان بخەینە ڕوو.




**بەرگی پێشەوەی کتێبی پهلویان**




**ناوچەی پەهلەویان وەک نووسەری کتێبی "پهلویان" نەخشەی بۆ کێشاوە**

## کێشەی میتۆدی لێکۆڵینەوە

کتێبی "پهلویان"، وەک توێژینەوەیەکی مێژوویی، کۆمەڵێک کێشەی میتۆدۆلۆجی هەیە، وەک دیارە نووسەر هیچ شارەزاییەکی لە میتۆدیکی لێکۆڵینەوە نییە، چونکە دیار نییە چۆن دەیەوێ لەم مێژووە بکۆڵێتەوە؛ هەوڵ دەدات بە پەخشان و بابەتی خەیاڵی مێژوومان بۆ بگێڕێتەوە، لە دانانی سەرچاوە بۆ مێژووەکەی یەکجار هەژارە، بە دەیان لاپەڕە مێژوو دەگێڕێتەوە، ئاماژە بە هیچ سەرچاوەیەک نادات. بۆ نموونە کاتێک ئاماژە بە ڕیشەی دانیشتووانی خوارووی کوردستان دەدات و دەیانکات بە پەهلەوی، بۆ ئەمە هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو نیشان نادات کە بیسەلمێنی ئەمانە چۆن و بۆچی ڕیشەیان پەهلەوییە؟

لە کتێبەکەی پۆلێنبەندییەکی بۆ زمانەکانی زاگرۆس کردووە، بۆ پێنج قۆناغ دابەشی کردووە: "قۆناغی زمانی قەفقازی (لولوبی، کاسی، گوتی)، قۆناغی زمانی مادی، قۆناغی زمانی پەهلەوی (ئەشکانی- ساسانی)، قۆناغی فەهلەویات و زمانی گۆرانی و سەدە بەراییەکانی ئیسلام و تا سەدەی نۆیەم و دەیەمی هیجری".[۳] نووسەر بەبێ هیچ بنەمایەکی زانستی ئەم پۆلێنبەندییەی بۆ زمانە زاگرۆسییەکان کردووە، کە ئەمە هەر لە خەیاڵدانی خۆی سازی کردووە تا ئێستا لە هیچ ناوەندێکی ئەکادیمیی زمانە کۆنەکان ساغ نەکراوەتەوە. زمانە کۆنەکانی هۆزەکانی زاگرۆس وەک گوتی، کاسی، لولوبی، کە لە دەوروبەری سێ هەزار ساڵ پێش میلاد لە چیاکانی زاگرۆس

نیشتەجێ بوون، ئەم هۆزانە هیچ دەقێکی نووسراو بە زمانەکانی خۆیان لە پاش بەجێ نەماوە، بۆ کاروباری سیاسی و ئیداری و فەرهەنگی، زمانی ئەکەدییان بەکار هێناوە، هەر بۆیە هیچ نووسراوێک بەم زمانانە لەبەردەستدا نییە کە نیشان بدات زمانەکانیان چۆنە و سەر بە چ گروپێکی زمانییە.[4] ئەوەی لەپاشیان بەجێ ماوە ناوی چەند پاشایەکە کە توێژەران وای بۆ دەچن ناوەکان سەر بە زمانە هیندۆ –ئەوروپییەکان بن. لەم پۆلێنبەندییە، نووسەر ئەم زمانە کۆنانەی بە زمانی قەفقازی داناوە، ئەمەش دیارە هیچ ئاگاییەکی بە زمانە کۆنەکانی زاگرۆس نەبووە، هەر بە هەڕەمەکی و بێ زانیاری سەلمێنراو، زمانەکانی پۆلێن کردووە. دوای ئەم قۆناغە زمانی مادی داناوە، کە بۆ ئەمەش هیچ ڕوونکردنەوەیەکی نەداوە چۆن ئەم زمانە زاگرۆسییانە گۆڕاون بۆ زمانی مادی، چونکە زمانی مادییش هەمان کێشەی زمانی گوتی و کاسی و لولوبی هەیە، هیچ دەقێک بە زمانی مادی لە پاشیان بە جێ نەماوە، بۆیە ئەوەی کە ئاماژە بێت بۆ زمانی مادی تەنیا کۆمەڵێک ناو و وشەیە کە لە دەقی فارسیی کۆنی سەرچاوە هەخامەنشییەکان و سەرچاوە بابلی و یۆنانییەکان ماوەتەوە. لە توێژینەوەی ئەم کۆمەڵە وشەیەش وا باوەڕ دەکرێ کە مادەکان خاوەن زمانێکی تایبەت بە خۆیان بوون و ئەم زمانەش زمانێکی ئێرانییە لە ڕووی سیستەمی دەنگسازی و وشەسازییەوە سەر بە زمانەکانی باکووری ڕۆژئاوای زمانە ئێرانییەکانە.[5] دواتر زمانی مادی بە پەهلەوییەوە گرێ دەدات، بۆ ئەمەش هیچ ڕوونکردنەوەیەکی نەداوە، ئەوجا بەهەمان میتۆدی نازانستی، پەهلەوی و فەهلەویات و گۆرانیشی پێکەوە گرێ داوە.

لەبارەی ڕیشەی زارەکانی خوارووی کوردستان کە ڕیشەیان دەباتەوە سەر زمانی پەهلەوی، نووسەر بێ هیچ بنەمایەکی زانستی ئیدیعا دەکات کە لەک و لوڕ و کەڵهوڕ و گۆران و دملی پاشماوەی زمانی پەهلەوین، بۆ ئەم ئیدیعایەش هیچ شرۆڤەیەکی زمانەوانی نییە بۆمان بسەلمێنێ کە چۆن ئەم زارە کوردییانە سەر بە زمانی پەهلەوین. بێگومان ئاسان نییە زمانێکی کۆنی وەک پەهلەوی بە زارە کوردییەکانی ئەم ناوچەیەوە گرێ بدرێ، هەر توێژەرێک ئیدیعایەکی وای هەبێت، دەبێ بە میتۆدی زمانەوانیی مێژوویی Histroicla Linguistic ئەم پەیوەندییە زمانییانە شی بکاتەوە، پێویستە هەنگاوەکانی گۆڕانی زمان لە ڕووی دەنگسازی، مورفۆلۆجی، ڕێزمان هەنگاو بە هەنگاو شرۆڤە بکات کە زمانەکە چۆن لە پەهلەوییەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و لە ئەنجامدا ئەم زارە کوردییانەی لێ بەرهەم هاتووە، نووسەر نەک هەر ڕوونکردنەوەیەکی زانستی لەم شێوەیەی نەداوە، تەنانەت یەک ڕستەی لە پەهلەوی نەهێناوەتەوە بە یەکێک لە زارەکانی ئەم هەرێمە بەراوردی بکات و نیشان بدات کە ئەمانە دەگەڕێنەوە بۆ پەهلەوی. بەم پێیە، ئەم کتێبە لە ڕووی میتۆدی لێکۆڵینەوە، تەواو نازانستییە، کۆمەڵێک تێزی هێناوە، نەیتوانیوە بە بەڵگەی زانستی و شیکردنەوەیەکی مەنتیقی بۆچوونەکانی بسەلمێنێ، تەنیا مێژوویێک دەگێڕێتەوە کە خۆی دایهێناوە بۆ ئەوەی خزمەت بە ئەجێندا پەهلەوییەکەی بکات.

ئەگەر ڕیشەی هەندێک وشە و کەرەستەی ڕێزمانی کوردی لەگەڵ پەهلەوی نزیک بن، ئەم نزیکییە بۆ هەموو زمانە ئێرانییەکان ئاساییە، مەرج نییە هیچ یەکێک لەم زارانە ڕاستەوخۆ

بگەڕێنەوە سەر پەهلەوی، ئەمانە خزمایەتیی زمانە کە لە نێوان هەموو ئەو زمانانەدا هەیە کە ڕیشەیەکی هاوبەشیان هەیە؛ لە نێوان هەموو زمانە ئێرانییەکان هەمان ڕیشەی هاوبەش هەیە، بە هەمان شێوە لە نێوان زمانە جەرمەنییەکان و سلاڤییەکان و لاتینییەکان و کەڵتییەکان،.. هەمان خزمایەتیی زمان و ڕیشەی هاوبەش هەیە. بۆ نموونە هەمان نزیکی لە ڕووی ڕێزمان و فەرهەنگۆکی وشە لە نێوان زاری کوردیی ناوەندی و فارسییشدا هەیە، بەڵام ئەم نزیکییە بەڵگەی ئەوە نییە کوردیی ناوەندی لە فارسی پەیدا بووە، یانیش بە پێچەوانەوە فارسی لە کوردی پەیدا بووە.

لە لایەکی دیکەوە نووسەر، لە پۆلێنی زارە کوردییەکان، ئیدیعا دەکات کە گۆران سەرچاوەیە بۆ هەموو زارە کوردییەکانی دیکەی ئەم هەرێمە و پێی وایە لەکی و لوڕی و کەڵهوری لە لەهجەی گۆرانەوە پەیدا بوون،[٦] بۆ ئەم ئیدیعایەش هیچ ڕوونکردنەوەیەکی زانستی نادات، تەنیا لە خەیاڵی خۆی ئەمانە بە یەکەوە گرێ دەدات، ئەمە لەکاتێکدا لە پۆلێنی زارە کوردییەکان، گۆران لەگەڵ لوڕی و کەڵهوری و لەکی جودایە، بەڵام گۆران- هەورامی لەگەڵ زازاکی (دملی) ڕیشەیان دەچێتەوە سەر یەک، ناچێتەوە سەر زارەکانی دیکەی ئەم ناوچەیە. ئەوەی تا ئێستا لە توێژینەوە زانستییەکان بۆ زارە کوردییەکان ئەنجام دراون، وەک توێژینەوەکانی مەکەنزی، کە لە ساڵانی پەنجاکان هاتووە بۆ کوردستان بە مەیدانی توێژینەوەی دکتۆرای لەسەر زارە کوردییەکان کردووە، ئەوە دەسەلمێنێ کە هەر سێ زاری کوردی: کوردیی باکوور، ناوەندی، خواروو (کەڵهوری و لەکی)، سێ زاری زمانی کوردین، هەر سێ زار لە ڕووی ڕێزمان و دەنگسازی و مۆرفۆلۆجییەوە درێژ بوونەوەی یەک زمانن.[٧] بەڵام بۆ هەورامی کە لە توێژینەوەیەکی تایبەت باسی لێوە دەکات، پێی وایە هەورامی ڕیشەیەکی دیکەی هەیە ناچێتەوە سەر هیچ یەک لە زارە کوردییەکانی ئەم ناوچەیە.[٨] بۆیە لە هەموو پۆلێنەکان کە بۆ زارە کوردییەکان کراون، گۆران – هەورامی بە جودا لەگەڵ کوردیی ناوەندی و کوردیی باکوور دانراوە. کەواتە لە ڕووی زمانەوانییەوە نابێ زارەکانی ئەم ناوچەیە هەموو لە زاری گۆرانەوە سەریان هەڵدابێت، دەکرێ زارەکان کاریگەرییان لەسەر یەک هەبووبێت، ئەمەش ئاساییە چونکە ئاخێوەرانی بۆ هەزاران ساڵ پێکەوە هاوسێی یەک بوون، هەموو زارەکان ڕەنگی یەکدیان وەرگرتووە، بە دەنگسازی و فەرهەنگۆکی وشە لە یەک نزیک بوونەوە، بەڵام بە ڕێزمان لەگەڵ یەک جودان. بوونی نزیکایەتیی پەهلەوییش لەگەڵ هەموو زارە کوردییەکان، ئەمە بەڵگەی ئەوە نییە کە زمانی کوردی لە پەهلەوی پەیدا بووە، ئەم نزیکییەش هەر دەگەڕێتەوە بۆ خزمایەتیی زمانیی نێوان زمانە ئێرانییەکان.

زمانەوانی کەنەدی ئەریک جۆن ئانۆنبی بە توێژینەوەیەکی بەراوردیی زمانەوانی لەبارەی لەکی لەگەڵ کوردی و لوڕی، دەیسەلمێنێت لە ڕووی ئاستەکانی زمانەوە لەکی لە کوردی نزیکترە هەتا لوڕی، چونکە لە ڕووی دابەشکردنی زمانە ئێرانییەکان لەکی لەگەڵ کوردی سەر بە باکووری ڕۆژئاوای زمانە ئێرانییەکانە، بەڵام لوڕی و فارسی سەر بە باشووری ڕۆژئاوایە، بۆیە بەپێی ئەم داتا زمانییە، ئەم زارە سەر بە کۆمەڵە زارە کوردییەکانە.[٩] لە هەموو توێژینەوە زمانەوانییەکان ئەم زارانەی خوارووی کوردستان، بە زانستی پۆلێنیان بۆ کراوە و لەیەک جودا کراونەوە، هیچ

یەک لە زمانەوانەکان ئاماژەیان بە وە نەداوە کە ئەمانە دەچنەوە سەر زمانی پەهلەوی، ئەمە تەنیا لای تەیب تاهری بێ هیچ بەڵگەیەکی زانستی و شرۆڤەیەکی زمانەوانی هەموو پێکەوە یەک ڕیشەی پەهلەوییان بۆ دروست کراوە. ئەم جۆرە ئیدیعایەش وەک دیارە نووسەر خۆی دایهێناوە بۆ ئەجێندایەکی سیاسی و ئایدیۆلۆجیای پەهلەویگەری کە تەنیا خۆی باوەڕی پێ هەیە و بانگەشەی بۆ دەکات.

نووسەر کێشەیەکی دیکەی میتۆدی، وەرگرتنی زانیارییە بەبێ ئاماژەدان بە سەرچاوە ئەسڵییەکەی. لە لاپەڕەکانی ٢٩٩ تا ٣٠١ کتێبەکەی، ئاماژە بە ڕای ڕۆژهەڵاتناسان دەدات کە سەبارەت بە هەورامی لێدوانیان داوە، ڕای چارلس ریو، مەکەنزی، مەیجەر سۆن، میشیل لەیزینبێرگ، جێمس ڕیچی هێناوەتەوە؛ تەواوی ئەو زانیارییانەی لە توێژینەوەیەکی من وەرگرتووە کە لەبارەی هەورامی نووسیومە بە ناوی " هەورامی لەهجەیە یان زمان؟"[١٠] کاتی خۆی بە پی دی ئێف بۆ خۆیم ناردووە. لەم نووسینە، لەجیاتی ئەوەی بە ئەمانەتەوە ئاماژە بە سەرچاوەکەی من بدات، کەچی ڕاستەوخۆ دەقەکەی منی لە کوردییەوە تەرجەمەی فارسی کردووە و ئاماژەی بە سەرچاوە ئینگلیزییەکانی من کردووە کە لە خوارەوە لە پەراوێز دامناون، ئەوانەی کردووە بە سەرچاوە بۆ باسەکەی خۆی، بۆ ئەوەی بە خوێنەر بڵێ بۆ ئەم باسە گەڕاومەتەوە سەر سەرچاوە ئەسڵییەکان کە بە ئینگلیزییە. بۆ ڕاستیی قسەکەم خوێنەر دەتوانێ بەراوردێک لە نێوان نووسینەکەی من و ئەو بکات. نووسەر ئینگلیزی نازانێ، کەچی پێنج سەرچاوەی ئینگلیزی لە پەراوێزەکەی ڕیز کردووە کە هەمووی لە من وەرگرتووە. ئەمە بێجگە لەوەی لە لیستی سەرچاوەکان، ٢٧ سەرچاوەی ئینگلیزی داناوە کە گوایە ئەم سەرچاوانەی تەماشا کردوون، بەڵام ئەمە دیارە کە خۆی ئینگلیزی نازانێ، بەم شێوەیە لە سەرچاوەکان زانیاری وەرگرتووە و ئاماژەی بە سەرچاوەکە خۆی نەکردووە و ئینگلیزییەکانی داناوە، بۆ ئەوەی نیشان بدات کە توێژینەوەکەی زۆر زانستییە سوودی لە سەرچاوەی ئینگلیزییش وەرگرتووە. ئەم جۆرە وەرگرتنە لە سەرچاوەکان لە توێژینەوەی ئەکادیمی دەچێتە خانەی دزینی زانستییەوە کە بە ئینگلیزی پێی دەگوترێ plagiarism. ئەمەش جارێکی دی لە ڕووی میتۆدی زانستییەوە توێژینەوەکەی دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە سەرچاوەی زانستی نییە و بە شێوەیەکی هەڕەمەکی سەرچاوەی بۆ کتێبەکەی داناوە، بە کتێبێکی ئینتیحال دادەنرێ. نووسەر خۆی ماندوو نەکردووە فێری ئینگلیزی بێت، لە سەر ماندووبوونی خەڵکی دی دەژی و کتێب دەنووسێ.

لەلایەکی دیکەوە، نووسەر ناوی هەندێک سەرچاوەی لە پەراوێز داناوە، بەبێ ئەوەی لە لیستی سەرچاوەکان ئەم سەرچاوانەی دانابێت، ئەمەش جارێکی دی کەموکووڕی توێژینەوەکەی نیشان دەدات کە سەرچاوەی ڕەسەنی نییە، بە هەڕەمەکی سەرچاوەی داناوە، سەرچاوەکانیشی نەبینیون.

ئەم هەموو کەموکووڕییە لە میتۆدی لێکۆڵینەوە، نیشان دەدات کە نووسەر، شارەزای لێکۆڵینەوە ئەکادیمی و میتۆدی زانستی نییە؛ ئەو بابەتەی هەڵبیژاردووە بۆ توێژینەوە، نەیتوانیوە بە

شرۆڤەیەکی زمانەوانیی مێژوویی پەیوەندیی زمانی پەهلەوی بە زارە کوردییەکانی ئەم ناوچەیە ساغ بکاتەوە.

## خوارووی کوردستان یان ناوچەی پەهلەوی؟

ناوچەکانی خوارووی کوردستان کە بەدرێژایی مێژوو دانیشتووانەکەی هەر لە کۆنەوە بە شێوەیەکی هەمیشەیی کورد بوون و بە چەند زارێکی کوردییش قسەیان کردووە و دەکەن، نووسەری کتێبی پەهلەویان، ئەمڕۆ هاتووە ئەم ڕاستییە مێژووییانە هەمووی سەراوژێر دەکاتەوە و بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەم ناوچەیە نابێ پێی بگوترێ خوارووی کوردستان ئەمە "ناوچەی پەهلەوی"یە.

بۆ ڕاستیی کوردستانیبوونی ئەم ناوچەیە، کۆمەڵێک بەڵگەی مێژوویی هەن کە گرنگترینیان کتێبەکەی شەرەفنامەی شەرەفخانی بدلیسییە، کە تێیدا پێکهاتەکانی کورد و سنووری کوردستانیشی دەستنیشان کردووە. شەرەفخان لە کتێبەکەی چوار پێکهاتەی کوردی دەستنیشان کردووە: کورمانج، لوڕ، کەڵهور، گۆران، کە سێ لەم پێکهاتانە: لوڕ و کەڵهور و گۆران، سەر بەم ناوچەیەن کە نووسەر ئەمانە دەکات بە پەهلەوی و ناوچەکەشیان بە پەهلەوی ناوی دەبات. شەرەفخانی بدلیسی سنووری کوردستانیشی بەجوانی دەستنیشان کردووە، بە تایبەت سنووری ناوچەکانی خوارووی کوردستان، هەموو ئەم ناوچانە دەگرێتەوە تا دەگات بە تەنگەی هورمز بە بەشی خوارووی کوردستان داناوە.[11] ئەمە لە سەردەمێکدا بووە کە سەدەی شازدەمی میلادی بووە و هێشتا بیری نەتەوایەتی لە ئارادا نەبووە و شەرەفخان بەشێوەیەکی سروشتی ئەم سنوورەی دیاری کردووە. ئەمە بێجگە لەوەی کە دانیشتووانی لوڕستان: لوڕی بچووک و گەورە، هەر لە سەدەی دەیەمی میلادییەوە لە لایەن هەموو مێژوونووس و گەڕیدە موسڵمانەکان وەک طبری، مسعودی، ابن حوقل، أبو الفداء، یاقوت الحموي، سبط ابن الجوزي، مقریزي،.. بە کورد دانراون.[12] ئەو میرنشینانەی لەم ناوچەیەش دامەزراون لە لایەن میرانی کوردەوە فەرمانڕەوایی کراون، وەک میرنشینی بەنو حەسنەوی بەرزیکانی، میرنشینی بەنی عەناز شازنجانی، میرنشینی فەزلەوی یان میرنشینی لوڕی گەورە. ئەم میرنشینانە بەدرێژایی خاکی لوڕستان هەتا سەر تەنگەی هورمز، میرنشینی کوردی بوون.[13] تەنانەت ناوی کوردستان وەک یەکەیەکی ئیداری و جوگرافی لەم ناوچەیە بۆ یەکەمجار سەری هەڵداوە. حمد الله مستوفی لە کتێبی "نزهة القلوب" باسی کردووە، کە ئەم ناوچەیەی خوارووی کوردستان لە ناوەڕاستی سەدەی چواردەمی میلادی، بەشێک بووە لە هەرێمێکی ئیداری بەناوی "کوردستان". کە ئەم هەرێمە ئیدارییە ١٦ ویلایەتی گرتووەتەوە، سنووری لەگەڵ ویلایەتی عێراقی عەرەب و خوزستان و عێراقی عەجەم و ئازەربایجان و دیاربەکر بووە، کۆمەڵێک شار و شارۆچکەی لەخۆ گرتووە، وەک ئالانی، کرماشان، ئەڵیشتەر، قەڵاتی بەهار، خوفتیان، کرند، خوشان، شارەزوور، دزبیل، وەستام، دەربەندی تاج خاتوون، دەربەندی زەنگی، ماهیدەشت، دینەوەر، کەنگاوەر، هەرسین.[14] ئەمانە هەموو بەڵگەی مێژوویی حاشاهەڵنەگرن کە ئەم ناوچەیە بەدرێژایی مێژوو، دانیشتووانەکەی کورد و خاکەکەی

بەشێکی دانەبڕاوی جوگرافیای خواروی کوردستانە. لەم هەزار ساڵە لە مێژووی نووسراوی ئەم ناوچەیە یەک مێژوونووس نەیگوتووە ئەو خەڵکەی لەم هەرێمە نیشتەجێن بە ئەسڵ پەهلەوین و کورد نین، یان کوردی ئەم هەرێمە ڕیشەیەکی پەهلەوییان هەیە؛ هەرگیز لە یەک کتێبی توێژینەوەی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست نەهاتووە بە میرنشینەکانی ئەم هەرێمە بگوترێ پەهلەوی.

نووسەری ئەم کتێبە لەجیاتی ئەوەی وەک نووسەرێکی کورد کە خەڵکی ئەم ناوچەیە، ئەم مێژووە کورد و کوردستانییە زیاتر ڕۆشن بکاتەوە، کەچی هاتووە لە کتێبەکەی مێژوویێکی ساختە و پڕ لە چەواشەکاری بۆ ئەم ناوچەیە دروست کردووە، دانیشتووانەکەی بە خەڵکی پەهلەوی (پهله نشین) ناو دەبات و ناوچەکەشی کردووە بە ناوچەی پەهلەوی (سرزمین پهلوی). نەخشەیەکی ساختە و وەهمی بۆ ئەم ناوچە پەهلەوییە دروست کردووە، کە ناوچەیەکی بەرفراوان دەگرێتەوە، لە خەلیجەوە دەست پێ دەکات هەموو خوارووی کوردستان دەگرێتەوە هەتا سەر دەریای قەزوین درێژ دەبێتەوە، لە لای ڕۆژاوای ئەم نەخشەیە، پارێزگای سلێمانی و کەرکووکیشی خستووەتە سەر ناوچە پەهلەوییەکەی، بە خەیاڵی خۆی ئەم ناوچانە لە کۆندا هەموو بەشێک بوون لە ناوچەی پەهلەوی، خەڵکەکەشی بە ڕیشە پەهلەوین و جیاوازن لەگەڵ کوردی سۆرانی و کورمانج. دەیەوێ پێمان بڵێ ئەم ناوچەیە کە کورد بە کوردستانی دەزانن، ئەمانە لە ئەسڵدا نە کوردن و نە کوردستانین، بەشێکن لە جوگرافیای پەهلەوی و سەرزەمینی ئێرانی گەورە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ناوی پەهلەوی لە مێژووی ئەم ناوچەیەدا، لە هەندێک لە سەرچاوەکاندا ئاماژەی پێ دراوە، بەڵام وەک یەکەیەکی ئیداری نەک وەک گروپێکی ئەتنیکی و زمانی. لە پێش ئیسلام ئەم ناوچەیە لای یۆنانییەکان بە میدیا یان میدیای گەورە ناوی هاتووە؛ لە دوای هاتنی ئیسلام بە هەرێمی چیاکان (أقلیم الجبال) ناوی هاتووە. لە سەدەی دەیەمی میلادی، بەشێک لەم هەرێمە بۆ ماوەیەک لە لایەن چەند مێژوونووسێک وەک ابن خرداذبە و ابن الفقیە و المقدسی بە وڵاتی پەهلەوییەکان (بلاد الفهلویین) ئاماژەی پێ دراوە.[15] ئەم وڵاتی پەهلەوییە کە نووسەر بۆ ئەمڕۆ دەیەوێ سوودی لێ وەرگرێ، تەنیا ناوێک بووە بۆ هەرێمەکە، مەبەست لێی گروپێکی ئەتنیکی نییە بە ناوی پەهلەوی لەوێ نیشتەجێ بووبن، یان خەڵکێک لەوێ بە پەهلەوی قسەیان کردووە، چونکە هەموو مێژوونووسەکان لەو سەردەمە تەئکیدیان کردووەتەوە کە ئەم هەرێمە دانیشتووانەکەی کوردە. تەنیا ئاماژە بە نموونەیەک دەدەین لە چەواشەکارییەکانی نووسەر بۆ هەڵگێڕانەوەی ڕاستییە مێژووییەکان؛ لە کتێبەکەی ئاماژەی بە وڵاتی پەهلەوی داوە و دەڵێت: "لای ابن خرداذبە وڵاتی پەهلەوی زمانان ئەمانەن: أصفهان، ڕەی، هەمەدان، دینەوەر، مهرجانقذف، ماسەبذان، قەزوین".[16] ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کتێبەکەی ابن خرداذبە، بە ناوی "مسالک و ممالک"، لەوێ ناڵێ ئەم شارانە پەهلەوی زمانن، بەڵکوو تەنیا ئاماژە بە سەرزەمینی پەهلەوی دەدات کە ئەم ناوچانە دەگرێتەوە: أصفهان، ڕەی، هەمەدان،... تاد.[17] نووسەر بۆ ئەوەی ئیدیعاکەی خۆی بسەلمێنێ و بڵێ ئەم ناوچەیە دانیشتووانەکەی بە پەهلەوی قسەیان کردووە، بە ناوی ابن خرداذبە تەزویری کردووە ئەم ناوچانەی کردووە بە پەهلەوی زمانان، هەر بۆ ئەوەی مێژوویێکی

ساختە بۆ ئەم ناوچەیە دروست بکات و بڵێ ئەوەتا لە کتێبی ابن خرداذبەدا هاتووە کە ئەم ناوچەیە خەڵکەکەی بە پەهلەوی قسەیان کردووە.

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێش؛ ناوی پەهلەوی بۆ خوارووی کوردستان هەزار ساڵ پێش ئێستا بۆ چەند ناوچەیەک بەکار هاتووە، کە ئەویش تەنیا ناوی هەرێمێکی ئیداری بووە و بۆ ماوەیەکی کورتیش بووە، زیندووکردنەوەی ئەم ناوە بۆ ئەمڕۆ لای نووسەری کتێبی پەهلەویان بە چ ئامانجێکە؟ دەبێ خۆی وەڵام بداتەوە، بەڵام ئەوە دیارە دەیەوێ بەهۆی ناوی پەهلەوییەوە، ناوی کوردستان لە سەر ئەم هەرێمە بسڕێتەوە، برەو بە ناوێک بدات بۆ ئەوەی خزمەت بە ئەجێندا پان – ئێرانستییەکەی بکات و بە خوێنەر بڵێ ئەم ناوچەیە هەر لە کۆنەوە بەشێک بووە لە جوگرافیای پەهلەوی و دانیشتووانەکەشی بە نەژاد و زمان پەهلەوی و ئێرانین، ئەمانە لە ڕیشەدا کورد نین و ئەم خاکەش کوردستان نەبووە.

نووسەر لە خەیاڵدانی خۆی مێژوویێک بۆ ئەم ناوچەیە دەنووسێتەوە بە ئامانجێکی سیاسی و ئایدیۆلۆجی کە لە لایەن ئاغاکانی پلان و بەرنامەی بۆ دانراوە، ئەویش وەک جێبەجێکار ئەم بەرنامەیە دەخاتە سەر کاغەز و پلانسازی بۆ دەکات، بۆ ئەوەی بە هەر نرخێک بێت لەم ناوچەیە، مێژوویێکی ساختەی پەهلەوی دروست بکات، ئەوجا ناوچەکە لە کوردستان دابڕێت و بیکات بە ناوچەی پەهلەوی. بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە، سوود لە دوو ئامراز وەردەگرێت: ئاییینی یارسان و گۆران.

لەگەڵ فراوانکردنی سنووری ناوچەی پەهلەوی، نووسەر هاوکات لە هەموو کتێبەکەی هەوڵ دەدات جوگرافیایەکی وەهمی بۆ یارسانەکانیش دروست بکات؛ بۆ ئەمەش دوو ئامانجی هەیە، یەکەم: لەگەڵ فراوانکردنی جوگرافیای یارسان واتە لەو شوێنە کاتی خۆی گۆران هەبووە و بە لەهجەی گۆران قسە کراوە، دووەم: لەگەڵ فراوانکردنی سنووری گۆرانیش زیاتر شەرعیەت بە ناوچەی پەهلەوی دەدات، چونکە پێی وایە گۆران پاشماوەی پەهلەوییەکانن و ئەمانە ئەگەر ئەمڕۆش بە کورد حیساب بکرێن بەڵام لە ڕیشەدا ئەمانە کورد نین. بۆ گەیشتن بەم دوو ئامانجە نووسەر لە هیچ چەواشەکارییەک سڵ ناکاتەوە، بە مەیلی خۆی مێژوویێکی درۆیین و ساختە دروست دەکات. بوونی چەند کۆمەڵگەیەکی کاکەیی(یارسان) لە هەڵەبجە و بەرزنجە و عەربەت و کەرکووک، هەروەها بوونی چەند شاعیرێک کە بە لەهجەی گۆران شیعریان نووسیوە وەک فەقێ قادری هەمەوەند لە چەمچەماڵ و مەلا جەباری و ڕەنجووری لە کەرکووک، مەولەوی لە ناوچەی تاوەگۆزی سەر بە قەزای دەربەندیخان، سەی یاقۆلە ناوچەی ماهیدەشتی کرماشان.. ئەمانەی کردووە بە پاساوێک بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکی وەهمی بۆ ئاییینی یارسان و لەهجەی گۆران دروست بکات، پێی وایە ئەم ناوچانە لە کۆندا هەموو بە دانیشتووانەوە بەشێک بوون لە ئاییینی یارسان و بە زاری گۆران، بەڵام دواتر بە هۆی دەسەڵاتی موسڵمان و کوردی سۆرانەوە تەنگیان بە یارسانەکان هەڵچنیوە، بەرە بەرە لەم ناوچانە ژمارەیان کەم بوونەتەوە. یانیش بوونی شا خۆشین لە لوڕستان، ئەمە دەکات بە پاساوێک بۆ ئەوەی بڵێ مادام شا خۆشین لە لوڕستان بووە، کەواتە هەموو خاکی لوڕستان لە کۆندا یارسان بوون و زمانەکەشیان گۆران بووە. بەم سادەیی و

چەواشەکارییە دەیەوێ مێژوو بۆ پەهلەوی و یارسان دروست بکات؛ هەر بەم بیانوە نیوەی باشووری کوردستانی خستووەتە سەر نەخشەی ناوچەی پەهلەوییەکەی.

دەسەڵاتی لەهجەی گۆران لە دەشتی کەرکووک و شارەزوور بەهۆی دەسەڵاتی زمانە ئەدەبییەکەوە بووە کە بۆ ماوەی پێنج سەدە گۆران ڕۆڵی زمانێکی هاوبەشی ئەدەبی کوردی لە ناوەڕاستی کوردستاندا گێڕاوە، زۆربەی شاعیران کە شیعریان بە گۆران نووسیوە، خۆیان زمانیان گۆران نەبووە، بە لەهجەیەکی دیکەی کوردی قسەیان کردووە وەک کوردیی ناوەندی، کەڵهوری، لەکی، ئەردەلانی، لوڕی؛ دانیشتووانی ئەم ناوچانەش یارسان نەبوون، بەڵکو موسڵمان بوون. ئەمە هەموو کتێبە مێژووییەکان ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن، بوونی کاکەییەکان لە کەرکووک و دەشتی شارەزوور، مێژووەکەی بۆ دوو سەد ساڵێک پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، کە لە ناوچەی گۆرانەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ باشووری کوردستان کۆچیان کردووە؛ ئەم مێژووە، کاکەییەکان خۆیان لە کتێبەکانیان باسیان کردووە، کەچی تەیب تاهیری هاتووە بە ڕۆژی ڕووناک ئەم مێژووە ساختەیە بۆ کاکەییەکان و گۆران دروست دەکات.

نووسەر نازانێ چۆن مێژوویێکی ساختە بۆ یارسان دروست بکات، بە ناشارەزایی و نەزانی مێژوو شرۆڤە دەکات، پێی وایە لە ناوی هەر بنەماڵەیەکی کورد پێشگری "بابا" هەبووبێت، ئەمە دیارە لە کۆندا یارسان بووە، چونکە ناوی ڕێبەرە ئایینییەکانی یارسان زۆربەیان بە بابا دەست پێ دەکات، وەک بابا ناوسی سەرگەتی، بابە رەجەبی لوڕستانی، بابا یادگار،.. ئیدی لای وایە ئەوەی سمێڵی سوور بێت هەمزاغایە، هەر ناوێک بە بابا دەست پێ بکات دەبێ ڕیشەکەی یارسان بێت؛ بۆ نموونە لە باسی بنەماڵەی بابا ئەردەلان، پێی وایە ئەم ئەم بنەماڵە کوردە لە سەرەتادا یارسان بوون و دواتر بوون بە موسڵمانی سوننی.[١٨]

میرنشینەکانی ئەم ناوچەیەش کە هەموویان میرنشینی کوردی بوون، وەک حەسنەوی، عەنازی، فەزڵەوی هەموویان دەکات بە میرنشینە پەهلەوییەکان،[١٩] لە هەندێک لە سێمینارەکانی بۆ هەر یەکێک لەم میرنشینانە پاشگرێکی پەهلەوی بۆ زیاد کردووە بەم شێوەیە: حەسنەویی پەهلەوی، عەنازیی پەهلەوی، فەزڵەویی پەهلەوی... تاد، ئەم ناو گۆڕینە بۆ ناوە مێژووییەکانی ئەم میرنشینانە هیچ پاساوێکی نییە، ئەمە تەنیا بە ساختەکاری و تەزویر دادەنرێ؛ هیچ توێژەرێکی شارەزای مێژووی ئەم ناوچەیە، ئەم ساختەکارییە قبوڵ ناکات. بۆ نموونە هەندێک لە ناوی میرە کوردەکانی ئەم هەرێمەی خوارووی کوردستان لەقەبی "الکردی" یان هەڵگرتووە وەک بدر بن حسنويه الكردي، یان سهلان بن مسافر الكردي خاوەنی نەهاوەند.[٢٠] شارێکی وەک نەهاوەند، حمد الله المستوفی لە نزهة القلوب باسی شارەکە دەکات و دەڵێت: دانیشتووانەکەی کوردن و سەر بە مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامین.[٢١] نووسەر بە ئەنقەست ناوی میر و میرنشینە کوردەکان لەقەبی "الکردی" یان لەسەر لادەبات و دەیانکات بە پەهلەوی و دانیشتووانە کوردەکەشی دەکات بە پەلهەنشین.

لای شارەزایانی مێژووی ئێران ڕۆشنە کە هەر لە سەرەتای دەوڵەت – نەتەوەی ئێران لە سەردەمی ڕەزاشا بۆ ئەوەی هەموو گەل و نەتەوەکانی ناو ئەم وڵاتە پانوبەرینە بکات بە یەک میللەت و هەموویان بە نەتەوەی سەردەست کە فارسە گرێ بدات، سوودی لە زاراوەی "ئێران" وەرگرت و کردی بە میللەتی ئێران و ناوی وڵاتەکەشی کرد بە ئێران، ئەمە لەکاتێکدا ئەم ناوە لە مێژوودا ناوی میللەت و گروپێکی ئەتنیکی نەبووە، نە ناوێکیش بووە بۆ ئەو سەرزەمینەی کە ئەمڕۆ بە ڕەسمی ناوی ئێرانە، ناوێکی داهێنراو بوو بۆ دروستکردنی نەتەوەیەک بە ناوی ئێران و تواندنەوەی هەموو نەتەوە غەیرە فارسەکان لە ناوی بۆتەی نەتەوەی فارسدا. ئەمە سەدەیەک زیاترە، هەموو مێژوو و فەرهەنگ و زمانی هەمەچەشنی گەلانی ناو ئەم وڵاتە، کراون پاشکۆی میللەتی فارس، وەک بڵێی ئەمە تەنیا میللەتی فارسە کە خاوەن مێژوو و زمان و فەرهەنگی ئەم وڵاتەیە، ئەوانی دی لە مێژوودا هیچیان نەبووە و نابێ وەک نەتەوە ناویان بێت. بەپێی ئەم بەرنامە پان- ئێرانستی و ئێرانشەهرییە، کورد ئێرانییە و بەشێکە لە میللەتی ئێران، میللەتێکی سەربەخۆ نییە و هیچ مێژوویەکی کۆنی تایبەت بە خۆیشی نییە، زمانەکەشی هیچ ناسنامەیەکی زمانی نەبووە و نییە، تەنیا لەهجەیەکی ئێرانییە، بە کەڵکی ئەوە نایەت بە زمان ناو ببرێت و شایەنی ئەوەش نییە پێی بخوێنرێ. نووسەری کتێبی پەهلەویان تەیب تاهیری، بە هەمان شێواز و میتۆدی پڕ لەساختەکاریی پان- ئێرانیستەکان دەیەوێ مێژوویەکی ساختە بە ناوی پەهلەوی بۆ ئەم ناوچەیە لە کوردستان و دانیشتووانە کوردەکەی دروست بکات. پێی وایە کورد هیچ ئاگاییان بە مێژووی وڵاتەکەیان نییە، تازە ئەو هاتووە دەیەوێ مێژووی ئەم ناوچەیەمان بۆ بنووسێتەوە و هەمووی بکات بە پەهلەوی. پان- ئێرانیستەکان چۆن زاراوەی ئێرانیان داهێنا، ئەویش زاراوەی پەهلەوی بۆ ئەم ناوچەیە و خەڵکەکە داهێناوە بۆ ئەوەی لە ژێر ئەم ناوە هەرچی مێژوو و شارستانیەتی کورد هەیە بیکات بە بەشێک لە مێژووی پەهلەوی. پەهلەوی لای پان – ئێرانیستەکانیش ئەوە دیارە چییە، زمانی فارسیی ناوەڕاستە و درێژبوونەوەی زمانی فارسیی کۆنە و بەشێکە لە شارستانیەتی ئێران. ئامانجی نووسەر لە گۆڕینی مێژووی ئەم ناوچەیە، دەیەوێ مێژوویێک بە بالای ئەم ناوچەیە بدووریت و پێی بڵێ ئەمە وڵاتی پەهلەوییە و کوردستان نییە، کورد لەم ناوچەیە هیچ مێژوویەکی نییە و ئەم جوگرافیایە هیچ پەیوەندیی بە کوردەوە نییە، ئەم ناوچەیەش هەر لە زووەوە دانیشتووانەکەی بە دین یارسان بوون، موسڵمان نەبوون، بە زۆر کراون بە موسڵمان بە زمانی گۆرانی - پەهلەوی قسەیان کردووە بۆیە ئەم ناوچەیە بە نەژاد و فەرهەنگ و ڕیشەی مێژوویی، کورد نین.

بەم هەموو چەواشەکارییە، نووسەر دەیەوێ ئەم بەرنامە پەهلەوییەی خۆی لە خوارووی کوردستاندا بچەسپێنێ؛ هەندێک جار بۆ ئەوەی چەواشەکارییەکانی خۆی پەردەپۆش بکات، تەئکید دەکاتەوە کە گۆران و لەک و لوڕ هەموو کوردن. نووسەر پێش بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە، لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ "هفتەنامەی غرب" کە لە کرماشان دەردەچێت سەبارەت بە دامەزراندنی ئینستیتوی فەرهەنگیی یارسان قسە دەکات و دەڵێ: هۆزەکانی ئەم ناوچەیە: لەک، کەڵهوڕ، فەیلی، ئیلامی، گۆران، زەنگەنە، باجەلان، کولیایی و گەرووسی،.. هەموو ڕیشەیان دەچێتەوە سەر

گۆران، و گۆرانیش کوردە و دەچێتەوە سەر پەهلەوی.[٢٢] بەم شێوەیە بە سیاسەتی دووفاقی لەسەر زارە کوردییەکانی خوارووی کوردستان دەنووسێ و دەدوێ، لە سەرەتادا کوردبوونیان دەسەلمێنێ ئەوجا لە کۆتایی ژەهرەکەی خۆی دەڕێژێ و دەڵێ ئەمانە ئەگەر کوردیش بن بە ڕیشە پەهلەوین و ناچنەوە سەر کوردی سۆران و کورمانج، ئەمانە ڕیشەیان جودایە کورد نەبوون، بەڵام بە کورد ناسراون، ئەمانە هیچ مێژوویێکی هاوبەشیان لەگەڵ کوردی سۆران و کرمانج نەبووە و نییە، ئەمانە پەهلەوین و سەر بە شارستانیەتی ئەشکانی و ساسانین و خاکەکەشیان بەشێکە لە جوگرافیای پانوبەرینی ئێرانی مەزن. ئەمە هەمان میتۆدی پان - ئێرانیستەکانە، هەر بۆ ئەوەی کورد بکەن بە پاشکۆی نەتەوەی فارس و زمانەکەشی بکەن بە لەهجەیەکی مەحەلی ئێرانی، کاتێک باسی کورد دەکەن دەڵێن: کورد ڕەسەنترین نەژادی ئێرانین. تەیب تاهیرییش دەیەوێ بڵێ: کوردی خوارووی کوردستان ڕەسەنترین نەژادی پەهلەوین.

نووسەری کتێبی پەهلەویان لەپاڵ شێواندنی مێژووی خوارووی کوردستان، هەوڵێکی بێوچان دەدات ناوی خوارووی کوردستان و کوردیی خوارووش لەسەر ئەم ناوچەیە بسڕێتەوە و پەهلەوی لە جێگەی دابنێ. لە کەناڵی تێلیگرام و فەیس بوک نووسین بڵاو دەکاتەوە، پێی ناخۆشە بە زارە کوردیییەکانی ئەم ناوچەیە بگوترێ کوردیی خواروو، پێی وایە کوردیی خواروو ناوێکی نوێیە و سۆرانەکان دایانهێناوە و دەیانەوێ ئەم ناوچەیە بکەن بە کورد، چونکە لای ئەو، ئەم ناوچەیە پەهلەوییە و کوردستان نییە و خەڵکەکەشی ئەگەر کوردیش بن بەڵام بە ئەسڵ پەهلەوین. وا دیارە نووسەری کتێبی پەهلەویان هیچ ئاگای بە مێژووی ئەم ناوە نییە و کە ناوی کوردیی خواروو وەک ناوێکی جوگرافیی بۆ ئاخێوەرانی ئەم زارە کوردییانە لە پێشدا لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسانەوە دانراوە. مەیجەر سۆن لە ساڵی ١٩٠٩ لە وتارێکی لەبارەی چەند گۆرانییەکی فۆلکلۆری کرماشانی کە لە گۆڤارێک لە لەندەن بڵاوی کردووەتەوە؛ لەباسی زارەکە، هەموو زارەکەی بە کوردیی خواروو (Southern Kurdish) ناو بردووە.[٢٣] دوای مەیجەر سۆن، دەیڤید مەکەنزی لە توێژینەوەیەک لەبارەی زاری کوردیی ناوەندی و باکوور، زمانی کوردی بۆ سێ کۆمەڵە زار دابەش کردووە: کوردیی باکوور، ناوەندی، خواروو، واتە ئەویش ئەم کۆمەڵە زارەی خوارووی کوردستانی بە کوردیی خواروو ناو بردووە.[٢٤] ئەمە دوو بەڵگەی مێژوویی لە لایەن دوو زمانەوانی ئینگلیز کە ئەم ناوەیان بۆ زارە کوردییەکانی ئەم ناوچەیە داناوە. وەک دیارە ئەم ناوە تەنیا ناوێکی جوگرافییە، چونکە ئەم ناوچەیە بە جوگرافیا دەکەوێتە خوارووی کوردستانەوە، بە زارە کوردییەکەشیان گوتراوە کوردیی خواروو، بۆیە ئەمە ڕاست نییە کە دەڵێ سۆرانی ئەم ناوەیان لە کوردیی خواروو ناوە؛ ئەگەر وای دابنێین سۆرانی ئەم ناوەیان داناوە، ئایا چ کێشەیەک هەیە؟ ئەمە زارێکی کوردییە لە خوارووی کوردستان هەڵکەوتووە، بەپێی جوگرافیای شوێنەکەی ناوی بۆ دانراوە، سۆرانییش ناوی زارێکی کوردییە، ئەمڕۆ بە کوردیی ناوەندی ناوی دەبرێ، لەبەر ئەوەی لە ناوەڕاستی کوردستان هەڵکەوتووە، بۆ باکووریش هەمان شتە، زارەکەی ناوی کورمانجییە، ئەمڕۆ بە کوردیی باکوور ناوی دەبرێ، چونکە لە باکووری کوردستان هەڵکەوتووە.

وەک دیارە نووسەری کتێبی "پهلویان" وەک هەموو پان - ئێرانیستە دژ بە کوردەکان، زۆر قەڵس بووە بەو هۆشیارییە نەتەوەییەی کە لەم ناوچەیە بەمدواییە سەری هەڵداوە، کێچ کەوتووەتە کەوڵی و حەجمانی نەماوە، هەوڵێکی بێوچان دەدات و هەموو ئامرازێک بەکار دێنێت: ئینستیتوی فەرهەنگی یارسان و گۆڤاری شنروێ و چریکە و تەلەفزیۆنی لیسک، بڵاوکردنەوەی کتێبی پەهلەویان،.. بۆ ئەوەی ئەم هۆشیارییە نەتەوەییە لە خوارووی کوردستان دامرکێنێتەوە و خەڵکەکەی لە ڕیشەی کوردبوون دوور بخاتەوە و مێژوویێکی ساختەیان پێ بدات؛ بەڵام نازانێ ڕەسەنایەتیی کوردی خوارووی کوردستان زۆر لە ڕق و کینەی ئەو و پان-ئێرانیستەکان گەورەترە و ناتوانێ بەر بە شەپۆلی هەڵچووی کوردانەی ئەوان بگرێت.

## زمان و ئەدەبیاتی کوردی یان پەهلەوی؟

نووسەری کتێبی پەهلەویان، پاش ئەوەی مێژوویێکی ساختە بۆ دانیشتووانی خوارووی کوردستان دەتاشێ، ئەمجارە دێتە سەر زمانەکەیان و ئەدەبیاتیان، ڕێگە بۆ خۆی خۆش دەکات هەموو زارەکانی ئەم ناوچەیە بێ هیچ بنەمایەکی زانستی و زمانەوانی بکات بە پەهلەوی. بۆ ئەم بەرنامە پەهلەوییە، زاری کوردیی گۆران دەکات بە ئامانج و بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەم زارە کوردییە لە کۆندا هەمان زمانی پەهلەویی سەردەمی ئەشکانی – ساسانی بووە، دواتر لە سەرەتای هاتنی ئیسلام، بووە بە فەهلەویات و ئەوجا گۆران، دواتر لە پەهلەوی –گۆرانەوە زارە مەحەلییەکان دەرکەوتوون وەک: زازایی، هەورامی، زەنگنە، لەکی، کەڵهوڕی، فەیلی، ئیلامی؛ دوای سەد ساڵی دی لەهجەی دیکە سەریان هەڵداوە وەک کولیایی، سەحنەیی، هەرسینی، سنجاوی، گەڕووسی، باجەلانی، شەبەکی،.. ڕیشەی هەموو ئەم زارانەش دەگەڕێنێتەوە بۆ زمانی پەهلەوی.[٢٥]

لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە، باسی کێشەی میتۆدۆلۆجی و نازانستیبوونی ئەم بۆچوونەم کرد، کە هیچ تیۆر و میتۆدێکی زمانەوانی پشتیوانی لێ ناکات، ئەمە باسێکی پرسەهەڵگرە و هێشتا بە توێژینەوە یەکلا نەکراوەتەوە، بۆیە ناکرێ وا بە هەڕەمەکی ئەم پەیوەندییە لە نێوان پەهلەوی و زارە کوردییەکان ساغ بکرێتەوە، بە تایبەت لە لایەن کەسێک کە هیچ شارەزاییەکی ئەکادیمی لە زمانەوانی نییە، هیچ خوێندنێکی ئەکادیمییشی لەم بوارە ئەنجام نەداوە.

زاری کوردیی گۆران، بۆ ماوەی پێنج سەدە زمانێکی ئەدەبی دەوڵەمەندی کوردی بووە، کۆمەڵێک شاعیری گەورە شیعریان بەم دیالێکتە کوردییە هۆنیوەتەوە. میرنشینی ئەردەلان کە پاڵپشتی ئەم زارە بووە، زەمینە خۆشکەر بووە کە ئەم دیالێکتە بەخێرایی گەشە بکات و ڕۆڵی زمانێکی هاوبەشی ئەدەبی کوردی بگێڕێت. ئەم زمانە ئەدەبییە دەسەڵاتی هەر لە ناوچەی میرنشینی ئەردەلان نەماوەتەوە، گەیشتووە بە کرماشان و ناوچەی میرنشینی بابان بۆ سلێمانی و کەرکووک، ... هەر بۆیە، بەهۆی ئەو بایەخە گەورەیە کە ئەم دیالێکتە لە بواری ئەدەبی هەیبووە، زۆربەی ئەو شاعیرانەی کە بەم زمانە ئەدەبییە شیعریان نووسیوە لە بنەچەدا بە زارێکی دیکەی کوردی قسەیان کردووە وەک لەکی و کەڵهوڕی و کوردیی ناوەندی. لە پێشترین ئەو شاعیرانە کە بە

لەهجەی گۆران شیعرییان نووسیوە مەلا پەرێشانە (١٣٥٦ – ١٤٢١م)، دوای ئەویش کۆمەڵێک شاعیری دی لە ناوچەی جیاوازیی کوردستان لە سەدەی حەڤدەمەوە تا کۆتایی سەدەی نۆزدەم بە کوردیی گۆران شیعریان نووسیوە: بێسارانی، ئەڵماس خانی کەندۆڵەیی، خانای قوبادی، وەلی دێوانە، ڕەنجووری، سەید نوشاد ابوالوفایی، مەلا مەنوچێهری کولیوەند، صەیدی هەورامی، ئەحمەد بەگی کۆماسی، سەید یەعقوب یان سەی یاقۆ، مەلای جەباری، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمیش عەبدولڕەحیمی مەولەوی، فەقێ قادری هەمەوەند. ئەم زمانە ئەدەبییە، گەلێک ژانری ئەدەبییشی پێ نووسراوە، کە بە گێڕانەوەی دەماودەم هاتوون و دواتر لە هەندێک سەردەمدا نووسراونەتەوە وەک چیرۆکی پاڵەوانیی ئەفسانەیی و داستانی دڵداری، کە ئەم داستانانە شانامەی کوردی پێ دەگوترێت وەک ڕۆستەم و زۆراب، خوسرەو و شیرین، یوسف و زولەیخا، وامق و عەزرا، خورشید و خاوەر، لەیلێ و مەجنوون، تەرسا و شێخی سەنعان، بیژەن و مەنیژە،.. تاد،[٢٦] تەنانەت داستانی مەم و زینیش کە لە بنەڕەتدا بە دیالێکتی کوردیی باکوور بووە، ئەویش بە گۆرانی هەیە.[٢٧]

ئەم ئەدەبیاتە دەوڵەمەندە کوردییە بە زاری گۆران، نووسەری کتێبی پەهلەویان بە ناڕەوا هەمووی دەست بەسەردا دەگرێ و دەیکات بە ئەدەبیاتی پەهلەوی؛ هەر یەک لەم شاعیرە کوردانە ڕیشەیەکی ساختەی پەهلەوییان بۆ دروست دەکات و دەیانبەستێتەوە بە سەر زەمینی پەهلەوی و دایاندەبڕێت لە هەموو ناسنامەیەکی کوردی و کوردستانی.

نووسەر بۆ ئەم پەهلەویسازییە چەندین بەڵگەی نامەنتیقی دێنێتەوە، ناکرێ لێرە هەمووی بخەمە ڕوو و شیکردنەوەی بۆ بکەم، تەنیا نموونەیەک وەردەگرم. لە کتێبەکەی ئاماژە بە قەباڵەکانی هەورامان دەدات، کە ئەم قەباڵانە لە ساڵی ١٩٠٩ لە ئەشکەوتێکی هەورامان دۆزراونەتەوە، لە ساڵی ١٩١٣ لەلایەن سەعید خانی کوردستانییەوە دەبردرێن بۆ مۆزەخانەی بەریتانیا. دوای لێکۆڵینەوە دەردەکەوێت، قەباڵەکان لەسەر پێستی ئاسک نووسراون، مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ ٨٧/٨٨ پێش میلاد تا ٣٣ ی میلادی، دوو قەباڵە بە خەت و زمانی یۆنانییە، قەباڵەی سێیەم بە زمانی پەهلەوی و خەتی ئارامییە.[٢٨] ئەم قەباڵەی دوایی کە بە زمانی پەهلەوییە و لە هەورامان دۆزراوەتەوە، نووسەر ئەمەی بە هەل زانیوە وەک بڵێی پورەهەنگی لە داری دۆزیوەتەوە، دەیەوێ بیکات بە بەڵگەی ئەوەی کە زمانی پەهلەوی لە هەورامان ڕەواجی هەبووە، چونکە ئەو پەهلەوییە هەر زمانی هەورامی – گۆرانییە، ئەو هەورامییەش هەر پاشماوەی پەهلەوییە.[٢٩] وەک دیارە بەڵگەنامە مێژووییەکان لە کۆندا بە چەند زمانی باوی ئەو سەردەمە دەنووسرانەوە، بۆ نموونە کەتیبەی بێستوون بە سێ زمان بووە: ئیلامی، ئەکەدی، فارسیی کۆن؛ بەردی ڕەشید لە میسر بە دوو زمان نووسراوە: زمانی میسریی کۆن و زمانی گریکیی کۆن، میسرییە کۆنەکە بە خەتی هیرۆگلیفی و دیمۆتیکی، گریکییەکەش بە خەتی کۆنی گریکی. چونکە ئەم زمانانە زمانی ڕەسمی و باوی ئەو سەردەمە بوون. قەباڵەکانی هەورامانیش کە بە دوو زمان نووسراون گریکی (یۆنانی) و پەهلەوی، ئەمە دیارە گریکییەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سلوکی کە یۆنانییەکان لە ڕۆژهەڵات بۆ ماوەی سێ سەدە حوکمڕان بوون و زمانی گریکی (یۆنانی)

زمانی ڕەسمیی ئیمپراتۆریەتی هیلینیی یۆنانی بووە، کە لە ساڵی ٣٢٣ پ. م دەست پێ دەکات تا ٣١ پ. م. دوای کۆتاییی حوکمڕانیی سلوکی، سەردەمی ئەشکانی بە زمانی پەهلەوی دەست پێ دەکات. ئەم قەباڵانە وەک دیارە لە نێوان حوکمڕانیی سلوکی و سەردەمی ئەشکانی نووسراون کە ئەمەش دیارە بەهۆی دەسەڵاتی حوکمڕانەکانی ئەو سەردەمە بە زمانی گریکی و پەهلەوی نووسراون، ئەمە هیچ پەیوەندیی بە ناوچەی هەورامان و پەیوەندیی زمانی پەهلەوی بە گۆران - هەورامییەوە نییە. نووسەر کە هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی و زمانەوانی نییە هەورامی بە پەهلەوییەوە گرێ بدات، دەیەوێ خۆڵ لە چاوی خوێنەر بکات و پێی بڵێ ئەوەتا لە سەدەی یەکەمی پێش میلاد لە هەورامان زمانی پەهلەوی هەبووە، ئەمەش بەڵگەیە هەورامی پاشماوەی ئەم پەهلەوییەیە! بەم بەڵگە ساختە و لاوازانە، دەیەوێ بۆچوونە نازانستییەکانی خۆی بسەلمێنی کە هەورامی لە پەهلەوی پەیدا بووە.

نووسەر لە کتێبەکەی زۆر هەوڵ دەدات مێژوویێکی زۆر کۆن بۆ ئەدەبیاتی یارسان و بە زاری گۆران دروست بکات. بێگومان ئێمە زۆرمان پێ خۆشە کورد ئایینێکی کۆنی هەبووبێت بە دەقی نووسراوی کوردی. ئەگەر سەرنجی مێژووی دەقی نووسراو و ئەدەبیاتی یارسان بدەین، بە ڕوونی دیارە کە ئەم ئەدەبیاتە بۆ ماوەیەکی درێژ لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا نەناسراو بووە، بەم دواییە زیاتر دەرکەوت و دەستنووسەکان ساغ کرانەوە و چاپ و بڵاو بوونەوە، ئەمەش دیارە بە هۆکاری دینییە کە یارسانەکان لەنێو موسڵمانان هەوڵیان داوە دینەکەیان بە نهێنی بمێنێتەوە و کەس ئاگاداری دین و نووسراوەکانیان نەبێت. هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەم ئەدەبییاتە دینییە، لە سەرەتادا بۆ ماوەیەکی درێژ زارەکی بووە، دواتر خراوەتە سەر کاغەز و نووسراونەتەوە. سەردەمی نووسینەوەی ئەم دەقانە دیار نییە کەی بووە، ئەم دەقانە کە بە سرودی یارسان ناسراون بە پەخشان و بە شیعرە. یەکێک لە بەناوبانگترین دەقەکانی ئایینی یارسان "سەرەنجام"ە کە نووسینی ئەم دەفتەرە دەدرێتە پاڵ سوڵتان سەهاکی بەرزنجی کە نوێکەرەوەی دینی یارسانە و گوایە لە سەدەی چواردەمی میلادی ژیاوە. بێجگە لە سەرەنجام چەند دەقێکی دی وەک شانامەی هەقیقەت، تذکره أعلی دەفتەری رموز یارسان، .. ئەمانەش هەموو بەگۆرانی نووسراون، بەڵام دەقی سەرەنجام پێی ناچێت ئەوەندە کۆن بێت، کۆنترین دەقی نووسراوی سەرەنجام بۆ دەستنووسێک دەگەڕێتەوە کە لە ئێران دەستی مینۆرسکی کەوتووە لە ساڵی ١٨٤٣ نووسراوەتەوە.[٣٠] سەبارەت بە دەقە شیعرییەکانیش کە دەدرێنە پاڵ هەندێک شاعیری یارسانی ئەوانیش بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی ناوی نوێن، مێژووی دەقەکانیش دەگەڕێننەوە بۆ سەردەمێکی زۆر کۆن بۆ سەدەی دەیەمی میلادی و هەندێکیش بۆ سەدەی یازدەم و دوازدەم، وەک بالولی ماهی (١٤٦ – ٢١٩هیجری) بابە سەرهەنگ دەودانی (٣٢٤ هیجری)، بابە لوڕەی لوڕستانی (سەدەی دووەم و سێیەمی هیجری)، بابە ڕەجەبی لوڕستانی(سەدەی دووەم و سێیەمی هیجری)،..[٣١] ئەم شاعیرانە هیچ دەستنووسێکی کۆنی باوەڕپێکراویان لە پاش بەجێ نەماوە کە نیشان بدات ئەمانە دەقی کۆنی شیعریینە، ئەوەی تا ئێستا بڵاو بوونەتەوە لە لایەن سەدیق بۆرەکەیی بووە کە ئەویش کتێب و دەستنووسەکانی هیچیان جێگەی باوەڕ نین.

کەواتە کۆنترین دەقی نووسراو و باوەڕپێکراوی یارسان ئەو سەرەنجامەیە کە بۆ کۆتاییی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەم دەگەڕێتەوە، پێی ناچێت لەمە کۆنتریان هەبێت. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێش ئەدەبیاتێکی دینی کە کۆنترین دەقی نووسراویان سەدە و نێویێک پێش ئێستا بێت و تەنیا لە چوارچێوەی باوەڕدارانی خۆیان بە نهێنی پارێزراو بووە و تەنیا بۆ خۆیان بووە، دینەکەش تەبلیغی نەبووە خەڵکانی دی بانگەواز بکەن بۆ دینەکەیان، کەواتە چۆن ئەم ئایینە بۆ سەر ناوچەکانی دەوروبەری خۆی ئەوەندە کاریگەر بووە، چۆن دەکرێ باوەڕ بکەین هەموو خوارووی کوردستان هەر لە باکووری خوزستانەوە تا موکریان هەمووی بە ئایین یارسان بووە بە زاری گۆرانیش قسەیان کردووە؟

## بەسێنتەرکردنی یارسان لە خوارووی کوردستاندا

نووسەر هەموو بۆچوونەکانی لەبارەی پەهلەوییبوونی گۆران و ناوچەکە لە سەر ئایینی یارسان (ئەهلی هەق) هەڵدەچنێ، کە کتێبی پیرۆزی دینەکەیان بەم زارە کوردییە نووسراوە و پێی وایە ئەم ئایینە ڕیشەیەکی زۆر کۆنی هەیە و ئایینی هەموو دانیشتوانی خوارووی کوردستان بووە، لە باکووری خوزستانەوە تا موکریان ئەم ناوچەیە هەموو دانیشتوانەکەی یارسان بوون و بە گۆران قسەیان کردووە، وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا، ئەمە لە کاتێکدا هیچ مێژوویێک نییە ئەمە ساغ بکاتەوە کە ئەم ئایینە لەم ناوچە بەرفراوانە، ئایینێکی زاڵ بووبێت.

ناوچەی خوارووی کوردستان کە دانیشتوانەکەی لوڕ و بەختیاری و لەکی و کەڵهوڕین ئەمانە بە دین موسڵمان و شیعەی ئیمامین؛ لەگەڵ کۆمەڵێک لە پەیڕەوانی سەر بە ئایینی یارسان کە لە ناوچەکانی قەسری شیرین و سەرپێلی زەهاو و کرند و کێوەکانی دالاهو و گەهوارە نیشتەجێن، کۆنفیدراسیۆنێکی عەشیرەتییان هەیە و بە گۆران ناسراون؛ هەورامانیش ناوچەیەکی شاخاوی دابڕاوە و هەموویان موسڵمانی سوننین. نووسەری کتێبی پەهلەویان تەیب تاهیری، ئەم هەمەچەشنییە کولتووری و لەهجەییە، لەم هەرێمە پانوبەرینە، بێ هیچ بەڵگەیەکی زانستی، مێژوو و ڕابردووی هەموویان دەباتەوە سەر ئایینی یارسان، واتە هەوڵ دەدات لە دانیشتووانی هەرێمەکە یارسانی بە سێنتەر بکات و دەیەوێ بە خوێنەر بڵێ ئەم هەرێمە هەر لە زووەوە خەڵکەکەی هەموو سەر بە ئایینی یارسان (کاکەیی، ئەهلی هەق) بوون، کە بە حیکمەتی خوسرەوانی ناوی دەبات، هەمووشیان بە گۆران قسەیان کردووە، ڕیشەی گۆرانیش دەچێتەوە سەر پەهلەوی. بەڵام دواتر ئەمانە بەهۆی زوڵم و زۆرداریی کوردە سۆرانییەکان و موسڵمانانی دەوروبەر، لە ناسنامەی ئایینیی کۆنی یاری و زمانی کۆنی خۆیان کە گۆرانە دابڕاون و ئەسمیلە کراون. نووسەر خۆی کردووە بە فریادڕەسی یارسانەکان بە مێژوویێکی ساختە و دوور لە هەموو پێوەرە ئەکادیمییەکان دەیەوێ بۆ یارسان مێژووسازی بکات. من دڵنیام برا کاکەییەکانمان ئەم مێژووە چەواشەیان بۆ کاکەیی پێ خۆش نییە، چونکە ئەمە هیچ خزمەت بە کاکەیی ناکات، بەڵکوو کاکەیی و یارسانی کردووە بە ئامرازێک بۆ ئەجێندایەکی سیاسی دژ بە کورد و کوردستان.

بۆ سەلماندنی ئەم مێژووە یارسانییە، لە هەموو کتتێبەکەی نەیتوانیوە یەک بەڵگەی زانستی و یەک بەڵگەی مێژوویی بدات بە دەستەوە بیسەلمێنێ لوڕستان کاتی خۆی دانیشتوانەکەی هەموو یارسان بوون و بە زاری گۆران قسەیان کردووە؛ یان لە دەشتی کەرکووک و شارەزوور لە سەردەمێک دانیشتوانەکەی هەموو کاکەیی (ئەهلی هەق) بوون بە ماچۆ قسەیان کردووە. بەڵام دەکرێ بڵێین دانیشتووانی یارسان کە ناوچەکەیان بە گۆران ناسراوە، ئەمڕۆ بە کوردیی خوارووی یان کەڵهوڕی قسە دەکەن، لە پێشدا بە زاری گۆران قسەیان کردووە، دواتر لەگەڵ دانیشتووانی کرماشان تێکەڵ بوون زمانیان گۆڕاوە بۆ کەڵهوڕی، ئەمە هەتا ڕادەیەکی زۆر مەنتیقی دێتە بەر چاو، چونکە هێشتا لە ناوچەی گۆران دوو گوند ماون گوندی زەردە و گەورەجۆ بە هەورامی قسە دەکەن، مانەوەی ئەم دوو گوندە یارسانییە بە زاری گۆران، بەڵگەی ئەوەیە کە یارسانەکانی ناوچەی گۆران لە پێشدا بە زاری گۆران قسەیان کردووە، بەڵام دواتر لەناو ئاخێوەرانی کەڵهوڕی تواونەتەوە و زمانیان گۆڕاوە بۆ کەڵهوری.

نووسەر ئاماژە بە ڕابەرە یاسارنییەکان دەدا کە لەم ناوچەیە سەریان هەڵداوە، وەک بالولی ماهی (١٤٦ – ٢١٩هیجری) بابە سەرهەنگ دەودانی (٣٢٤ هیجری)، بابە لوڕەی لوڕستانی (سەدەی دووەم و سێیەمی هیجری)، بابە رەجەبی لوڕستانی(سەدەی دووەم و سێیەمی هیجری)، بۆ سەدەی دەیەمی میلادی و هەندێکیش بۆ سەدەی یازدەم و دوازدەم[٣٢]. بێگومان ئەم ناوانە لە ئەدەبیاتی یارسان هەن، بەڵام بوونی ئەم ناوانە لە ناوچەی لوڕستان بەڵگەی ئەوە نییە کە دانیشتووانەکەشی هەر لە سەرەتاوە هەموو یارسان بوون. لە خوێندنەوەی هەموو کتێبەکە، نووسەر هیچ بەڵگەیەکی مێژووی نادات بە دەستەوە کە نیشان بدات لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو ئاماژە بە دانیشتووانی ئەم هەرێمە بدات کە هەموو یارسان بوون، هەر لە خەیاڵی خۆی مێژووسازی بۆ یارسان دەکات و لەگەڵیشی ڕیشەیەکی پەهلەوی بۆ ساز دەکات بۆ ئەوەی بڵێ ئەم ناوچەیە هەر لە کۆنەوە لە ڕووی فەرهەنگ و ئایین و زمان و جوگرافیا لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان جیاواز بوون، بۆیە نابێ ئەم ناوچەیە سەر بە کوردستان بێ و دانیشتووانەکەشی ئەگەر ئەمڕۆ بە کورد حیساب بکرێن، بەڵام لە بنچینەدا سەر بە ئایینی یارسان بوون و زمانەکەشیان ئەگەر کوردی بێ، بەڵام بە ڕیشە گۆران - پەهلەوییە. بەکورتییەکەی نووسەر دەیەوێ بە مێژوویێکی ساختە، مێژوویێکی وەهمی بۆ یارسان دروست بکات و بیبەستێتەوە بە پەهلەویی ساسانی و ئەشکانی. ئەم چەواشەکارییە بۆ مێژووی یارسان، پێم وا نییە هیچ یارسانییەکی بەویژدان و بەئینساف قبوڵی بکات.

## ڕقوکینەی نووسەر دژ بە سۆران و کرمانج

ئەم کتێبە وەک ڕوون کرایەوە بەتایبەت بۆ ئەوە نووسراوە بۆ ئەوەی کوردستانی خوارووی بە دانیشتووان و جوگرافیا و مێژوو لە بەشەکانی دیکەی کوردستان دابڕێت و بیانکات بە پێکهاتەیەکی غەیری کوردی، وەک خۆی ئیدیعا دەکات کە ئەمانە لە ئەسڵدا پەهلەوین و جودان لەگەڵ کوردی سۆران و کرمانج. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە نەک هەر چەواشەکاری لە حەقیقەتی

مێژوودا دەکات، کۆمەڵێک ڕقوکینە دژ بە کوردی سۆرانییش هەڵدەڕێژێت و پێی وایە کوردی سۆرانی هەمیشە دوژمنداریيان لەگەڵ ناوچەی خواروی کوردستان هەبووە کە ئەو بە ناوچەی پەهلەوی ناوی دەبات. پێی وایە: لەنێوان دانیشتووانی پەهلەوی و کوردی سۆرانی ئاخێو ئاشتی و پێکەوەژیان نەبووە، بەردەوام کوردی سۆران لەم ناوچەیە زوڵمیان لە دانیشتووانی یارسان کردووە،[٣٣] کەواتە بۆچی ئەم ناوچەیە بە بەشێک لە کوردستان دابنرێ؟ ئەمە بەرنامە و نەخشەی نووسەرە بۆ دانیشتووانی ئەم ناوچەیە، ئەمە لەجیاتی ئەوەی کار بۆ پێکەوەژیان بکات و هەوڵ بدات کەلێنی فەرهەنگی و ئاینی و لەهجەیی نێوان زارە کوردییەکان و خەڵکەکەی پڕ بکاتەوە و ئاشنایان بکاتەوە بە ڕەسەنایەتیی کوردبوونیان، ئەگەر لە ڕابردووش لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی چەند کێشە و گرفتێک هەبووبێت، دەبێ هەوڵ بدەین لە بیری بکەین، کەچی هاتووە ڕق و کینە لە نێوان خەڵکەکە بڵاو دەکاتەوە و باوەڕدارانی یارسان هان دەدات دژایەتیی کوردی موسڵمان بکەن کە گوایە زوڵم و ستەمیان کردووە و خاک و زمان و ئایینی لێیان زەوت کردووە.

بەشێکی کتێبەکەی تەرخان کردووە بۆ دوژمنەکانی خەڵکی پەهلەویان – گۆران، پێی وایە بەدرێژاییی مێژوو هەر لەسەدەکانی یەکەمی هیجرییەوە، لەلایەن کوردی سۆرانەوە لە باکوورەوە هێرش کراوەتە سەر خەڵکی ناوچەی پەهلەویان و کوشت و کوشتار کراون سەر و ماڵیان بە تاڵان بردوون. هەروەها دەڵێ: مێژوونووسان ئاماژەیان بەو کوشتارانە داوە و لە کەلامەکانی یارسانیش باسی ئەم کوشتارانە هاتووە، ئەمەش بووە بە هۆی کۆچکردنی ئیجباری یارسانەکان بۆ دەرەوەی ناوچەی خۆیان.[٣٤] بۆ ئەم زوڵم و ستەمە، نووسەر یەک نموونەش باس ناکات، تەنانەت ناوی سەرچاوەیەکیشی نەهێناوە کە تێیدا ئاماژە بە کوشتاری یارسانەکان درابێت لەلایەن کوردی سۆرانەوە، تەنانەت یەک دەقی کەلامی یارسانیشی نەهێناوەتەوە کە باسی ئەم کوشتارە کارەساتبارە بکات. بۆیە ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکات هیچی ڕاست نییە، تەنیا هەوڵێکی ناحەزانەی خۆیەتی بۆ ئەوەی دووبەرەکی لە نێوان دوو بەشی کوردستان دروست بکات، لە ئاوی لێڵ ماسی بگرێ و بگات بە ئامانجەکانی خۆی و ئەجێندا پەهلەوییەکەی لە ناوچەکە بچەسپێنێ و بڵێ ئەم دوو ناوچەیە بە درێژاییی مێژوو دوژمن بە یەک بوون و ئەمانە جودان، ناتوانن پێکەوە بژین، ئەم ناوچەیە کورد نین و پەهلەوین، هیچ شتێک نییە ئەمانە بە یەکەوە گرێ بدات، چونکە هەمیشە لە نێوانیان کێشەی و گرفت هەبووە.

سەبارەت بە کۆچکردنی یارسانەکان بۆ ناوچەی دەرەوەی خۆیان، ئەمەش لەبەر ناکۆکی لەگەڵ کوردی موسڵمان نەبووە، چونکە کوردی لەک و کەڵهور و کورمانجیش بۆ ناوچەکانی دەرەوەی زێدی خۆیان کۆچیان پێ کراوە، کە ئەمەش لەبەر هۆکاری ئایینی و شەڕی کوردی سۆرانی لەگەڵ ئەوان نەبووە، بەڵکو زیاتر سیاسی بووە. کاکەییەکانی باشووری کوردستان، مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ دوو سەد ساڵێک پێش ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ گەرمیانی باشووری کوردستان کۆچیان کردووە، هاوکات زەنگەنە و باجەلان و ڕۆژبەیانییش کە بە ماچۆ –گۆران قسە دەکەن و موسڵمانی سوننین بۆ کەرکووک کۆچیان کردووە، کوردی شەبەکیش بۆ ڕۆژهەڵاتی مووسڵ کۆچیان کردووە.

نووسەری کتێبی پەهلەویان تەیب تاهیری ئەوەندە دژ بە کوردی سۆران و ناسیۆنالیزمی کوردییە، زۆری پێ ناخۆشە کە لە ناو سۆرانەکان لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی ناسیۆنالیزمێکی کوردی سەری هەڵداوە و دواتر ئەم ناسیۆنالیزمە ناوچەی گۆڕانەکانیشی گرتووەتەوە، ئەمە بۆ پیلانی ئیستیعماری بەریتانی دەگەڕێنێتەوە کە پشتگیریی لەم ناسیۆنالیزمە کردووە.[٣٥] نووسەر زۆر قەڵسە بەوەی هەستی نەتەوایەتیی کورد بە نێو خوارووی کوردستان بڵاو بێتەوە. یانیش لە کەناڵی تێلیگرامەکەی بڵاوی دەکاتەوە و دەڵێ: "٨٠ لە سەدی خەڵکی ئەم ناوچەیە(خوارووی کوردستان) خۆیان بە کورد نازانن، ئەو ٢٠ لە سەدەش کە خۆیان بە کورد دەزانن لەمانە چەند کەسێکیان لەگەڵ کوردی سۆرانی پەیوەندییان هەیە". نووسەر ئەوەندە ڕقی لە کوردە بەتایبەت کوردی سۆرانی، زۆری پێ ناخۆشە کوردی خوارووی کوردستان خۆیان بە کورد بزانن و حەزیش ناکات ئەوانە لەگەڵ کوردی سۆران و کورمانج لە پەیوەندیدا بن، چونکە پلانەکەی خۆی تێک دەچێت کە دەیەوێ ئەم ناوچەیە کورد نەبن و ناوچەکەش بەشێک لە کوردستانی گەورە نەبێت و بە ناوچەی پەهلەوی دابنرێ.

نووسەر لە خەیاڵی خۆی جوگرافیایەکی وەهمی بۆ یارسان کێشاوە، هەر لە خەیاڵی خۆیشی ژینگەیەکی پڕ لە کارەسات و کوشتاری کوردی سۆران لە دژی یارسانەکان وێنا کردووە، بۆ ئەوەی ئەجێنداکەی خۆی بسەلمێنی کە ئەم دوو ناوچەیە هەمیشەی دژ بەیەک بوون نەیانتوانیوە بە ئاشتی پێکەوە بژین. نووسەر بۆ زیاتر سەلماندنی تێزەکەی، ئاماژە بە سەرانی حزبە کوردییەکان دەدات کە ئەوان سنووری کوردستانیان هەتا کامیاران داناوە، بۆ ئەمەش ئاماژە بە دکتۆر قاسملو دەدات کە لەکاتی دانوستانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران، ناوچەکانی خوارەوەی کامیارانی بە کوردستان دانەناوە.[٣٦] بۆ ئەمەش یەک بەڵگەی نووسراوی نەداوە بە دەستەوە بۆ ئەوەی خوێنەر قەناعەت پێ بێنێ کە سەرانی حزبە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەتا کامیاران بە کوردستان دەزانن. ئەمە دیارە هیچ بەڵگەیەکی بۆ ئەمە نییە، دەیەوێ بە هەر نرخێک بێت، بڵێ ئەم ناوچەیە پەهلەنشینە و کوردستان نییە، ئەوەتا لای سەرانی کوردیش نە کوردستانە و نە دانیشتووانەکەشی بە کورد دەزانن.

نووسەر لە کەناڵی تێلیگرام و لاپەرەی فەیس بوکەکەی دژ بە سۆرانی و کرمانج دەنووسی و بە تەنزەوە دەنووسێ: "چەندە سۆمەری پەیوەندیی بە کوردەوە هەیە، جەژنی نەورۆزیش هەر ئەوەندە پەیوەندیی بە کوردی سۆران و کرمانجەوە هەیە، کورد بەمدواییە فێرە نەورۆز بوون؛ کوردی سۆران نەیانزانیوە نەورۆز چییە و ئەفسانە چییە، ئەفسانە و نەورۆز هی گۆڕانەکانە، کە کوردی سۆرانی بەدرێژایی مێژوو دژ بە گۆڕانەکان بوون". بەم گوتارە پڕ لە کینە و گاڵتەجاڕییە باس لە کوردی دەرەوەی ناوچە پەهلەوییەکەی دەکات و دەیانکات بە دوژمنی گۆڕان، ئەمە لەکاتێکدا کورد هەرگیز کێشەی لەگەڵ گۆڕان و یارسان نەبووە، تەنانەت کوردی غەیری گۆڕانیش بەم لەهجەیان نووسیوە، وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا، خانای قوبادی، مەولەوی، مەلای جەباری، ڕەنجووری، فەقی قادری هەمەوەند، .. تاد بە کوردیی ناوەندی یان سۆرانی قسەیان کردووە و بە گۆڕان شیعریان نووسیوە، چونکە ئەم زارەیان بە کوردی زانیوە جیاوازییان

نەکردووە، بەڵام ئەوە نووسەری کتێبی پەهلەویانە بە ئایدیۆلۆجیای پەهلەویزم و یارسانیزم و پان- ئێرانیزم و ئێرانشەهری دەیەوێ دوژمنایەتیی لەنێوان یارسان و گۆران و سۆران و کرمانج دروست بکات.

## ئەنجام

کتێبی پهلویان کتێبێکە لەبارەی مێژووی خوارووی کوردستان، بە ئامانجیکی ئایدیۆلۆجی و سیاسی نووسراوە، زۆر دوورە لە کتێبێکی زانستی بەڵگەدار. لە ڕووی ئەکادیمییەوە نەیتوانیوە بە میتۆدۆلۆجییەکی زانستی پابەند بێت، هیچ بنەمایەکی توێژینەوەی زانستی تێدا ڕەچاو نەکراوە. نووسەرەکەی تەیب تاهیری بە ئەجێندایەکی پان – ئێرانیستی ئەم کتێبەی نووسیوە بۆ ئەوەی ئەم هەرێمە لە خوارووی کوردستان کە بە درێژایی مێژوو دانیشتووانەکەی بە مێژوو و جوگرافیا و فەرهەنگ و زمان کورد بوون، ناسنامەیەکی نوێیان بۆ ساز بکات بە ناوی پەهلەوی. مەبەستی لە پەهلەوی، فەرمانڕەوایانی سەردەمی ئەشکانی و ساسانییە کە پەهلەوی زمانی ڕەسمی ئەم دوو حوکمڕانە بووە و لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتناسی و دەوڵەتی ئێرانی نوێ بە فارسی ناوەندی ناسراوە و بەشێکە لە مێژووی ئێرانی گەورە. نووسەری ئەم کتێبە بۆ ئەوەی ناسنامەیەکی پەهلەوی بۆ ئەم ناوچەیە دروست بکات، هەموو ڕاستییە مێژووییەکان ئاوەژوو دەکاتەوە. بێ هیچ بەڵگەیەکی زمانەوانی، ئیدیعا دەکات لەهجەی گۆران پاشماوەی زمانی پەهلەوییە، بۆیە لە هەر شوێنێک لە کۆندا یارسان هەبووبێت لەوێ بە گۆران قسە کراوە، کەواتە ئەم ناوچانە ناوچەی پەهلەوین و ئەمڕۆ نابێ ئەم ناوچانە بە کوردستان دابنرێن. هەر لەسەر ئەم ئەساسە، هەموو ئەدەبیاتی کوردیی گۆران دەکات بە ئەدەبیاتی پەهلەوی، هەرچی مێژووی کورد هەیە لەم ناوچەیە لە میرنشینە کوردییەکان وەک حەسنەوی و عەنازی و فەزڵەوی،.. هەموویان دەکات بە پەهلەوی. نووسەر خۆی کە بە ئایین یارسانە، هەوڵ دەدات مێژوویێکی ساختە و وەهمی بۆ یارسان دروست بکات، بەبێ هیچ بەڵگەیەکی زانستی، ئیدیعا دەکات لە باکووری خوزستانەوە تا موکریان ئەم ناوچەیە هەموو دانیشتوانەکەی یارسان بوون و بە گۆران قسەیان کردووە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە هەر شوێنێک کەمینەیەکی یارسان یان کاکەیی هەبێت، ئەو شوێنە دەکات بە وڵاتی یارسان و پەهلەوی. واتە یارسانی و گۆرانی کردووە بە دوو ئامراز بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندا پان- ئێرانیستییەکەی لە خوارووی کوردستاندا، هاوکات ناسنامەی کورد و کوردستانی لە سەر خوارووی کوردستانیش بسڕێتەوە.

## سەرچاوە و ژێدەر


١ – طیب طاهری، پهلویان: گوران، هورامی، لک، کلهر، فیلی، دیملی، گذری بر تاریخ تحلیلی سرزمین های آریای با تأکید بر یارسان و حکمت خسروانی، انستیتو فرهنگی یارسان، سوید، ستوکهولم، ٢٠٢٣.

٢ – لە سەرەتای دامەزراندنی ئینستیتوی فەرهەنگیی یارسان و دەرچوونی گۆڤاری شنرۆ وەک ئەندامی دەستەی نووسەران لەگەڵ خاوەنەکەی تەیب تاهیری بەشدار بووم، لە هەر چوار ژمارە لە هەموو ڕوویەکەوە خۆبەخشانە هاوکاریم کرد، لە ژمارەی چواری گۆڤارەکە من بووم بە سەرنووسەر، بەڵام دوای ئەوەی کە بۆم دەرکەوت گۆڤارەکە و خاوەنەکەی بەرنامەیەکی دژ بە خوارووی کوردستانی هەیە، دەیەوێ ئەم ناوچەیە بکات بە پەهلەوی، ئیدی یەکسەر وازم لێ هێنا و لە لاپەڕەی فەیس بوکەکەم دەستلەکارکێشانەوەی خۆم لە گۆڤارەکە بڵاو کردەوە، تێگەیشتم کە من بە هەڵە لە ئینستیتوتێک و گۆڤارێک کار دەکەم کە دژ بە کوردە.

٣ – طيب طاهری، پهلويان، ص ٣١٢.

٤ – د. جمال رشيد أحمد و د. فوزي رشيد، تأريخ الكرد القديم، مطبعة دار الحكمة، أربيل، ١٩٩٠، ص ٤٩.

٥ – ا. م. دياكۆنوف، تاريخ ماد، ترجمه: كريم كشاورز، شركت انتشارات علمی و فرهنگی، تهران، ١٣٧٩. ص.٣٤٠.

٦– طيب طاهری، پهلويان، ص ٣٤ – ٣٥.

7 - D. N. Mackenzie, Kurdish Dialect Studies, Vol. I. Oxford University Press, 1961.

8 - D. N. Mackenzie, The dialect of Awroman (Hawraman-i Luhon) Grammatical sketch, texts, and vocabulary, Munksgaard, Kobenhavn, 1966.

9 - Anonby Erik (2004). Kurdish or Luri? Laki's disputed identity in the Luristan province of Iran, Kurdish Studien, no. 4-5.

١٠ – سوداد ڕەسووڵ، هەورامی لەهجەیە یان زمان؟ گۆڤاری زمانناسی ژمارە (١٣)، هەولێر، ٢٠١٢.

١١ – أمير شرف خان بدليسی، شرفنامه، تأريخ مفصل كردستان، بامقدمه و تعليقات و فهارس بقلم محمد عباسی، چاپ أفست علی اكبر علمی، تهران، ١٣٤٣، ص ٢٣.

١٢ – ، د. زرار صديق توفيق، القبائل و الزعامات القبلية الكردية في العصر الوسيط، مؤسسة مكرياني للبحوث و النشر، أربيل، ٢٠٠٧، ص ١٣٤.

١٣ – د. زرار صديق توفيق، كردستان في القرن الثامن الهجري: دراسة في تأريخها السياسي و الأقتصادي.: مؤسسة مكرياني للطباعة و النشر، أربيل، ٢٠٠١، ص ١٢١ – ١٣٢.

١٤ – حمد الله المستوفی، نزهة القلوب في المسالك و الممالك. المقالة الثالثة حول صفة الولايات و البقاع، باهتمام لسترنج.: مطبعة بريل ليدن، ١٩١٣، ص ١٠٧.

١٥ – د. زرار صديق توفيق، الكرد في العصر العباسي (١٣٢ – ٣٣٤ هجری / ٧٥٠ – ٩٤٦ ميلادي)، دار موكرياني للطباعة و النشر، أربيل، ٢٠١٨. ص٢٤

١٦ – طيب طاهری، پهلويان، ص١١٨.

١٧ – ابن خرداذبة، مسالک و ممالک، ترجمه: سعيد خاكرند، مؤسسه فرهنگ حنفاء، تهران ١٣٧١. ص ٤٣.

١٨– طيب طاهری، پهلويان، ص ٢٥٨ – ٢٥٩.

١٩ – طيب طاهری، پهلويان، ص ٢٣١.

٢٠ - د. زرار صديق توفيق، الكرد في العصر العباسي (١٣٢ – ٣٣٤ هجرى / ٧٥٠ – ٩٤٦ ميلادي).

٢١ - حمد الله المستوفى، نزهة القلوب في المسالك و الممالک. ص ١١٩.

٢٢ - گفتگو با مدیر مؤسسه‌ی فرهنگی یارسان طیب طاهری، هفته‌نامه غرب، شماره ٦٨٨، کرمنشاه، ١٤یکشنبه دی ١٣٩٩.

23 - E. B.Soan, A southern Kurdish folksong in Kermanshahi dialect. Journal of the Royal Asiatic Society , Volume 41 , Issue 1, 1909, Cambridge University Press.

24 - D. N. Mackenzie,Kurdish Dialect Studies, Vol. I. Oxford: Oxford University Press, 1961.

٢٥ - طیب طاهری، پهلویان، ص ٣٤ – ٣٥.

٢٦ - بهروز چمن آرا، سیروس امیری، گورانی: زبان محاوره‌ای یا زبان ادبی کردی؟، ترجمه: وزیر منبری، مجله هۆنه، شماره ٤ و ٥، دانشگاه کردستان، سنندج، بهار ٩٨ شمسی. ص١٨.

٢٧ - نامق هەورامی، مەم و زین بە هەورامی، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ٢٠٢٠.

[28] - Ellis H. Minns (1915). "Parchments of the Parthian Period from Avroman in Kurdistan". Journal of Hellenic Studies. 35: 98–14

٢٩ - طیب طاهری، پهلویان، ص ٢٦٩.

٣٠ - د. زرار صدیق تۆفیق، کاکەیی – ئەهلی هەق و شەبەک: لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠٢٠. ل ١٥.

٣١ - سدیق بۆرەکەیی (سەفی زداه)، مێژووی وێژەی کوردی، بەرگی یەکەم دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨. ل٤٧ – ١٢٨.

٣٢ - هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٤٧ – ١٢٨.

٣٣ - طیب طاهری، پهلویان، ص ٥٢٨. – ٥٢٩.

٣٤ - طیب طاهری، پهلویان، ص ٥٢٨.

٣٥ - طیب طاهری، پهلویان، ص ٥٣١ – ٥٣٢.

٣٦ - طیب طاهری، پهلویان، ص ٥٤٠.